### ئافرەتانی رزگاربوو لە دەستی تیرۆریستانی داعش

# باری جەستەیی و دەروونییان ناهەموارە



**ڕەفتارە وەحشـــییانە و بەربەرییەکانی داعش بەرامبەر بە ئافرەتانی بەدیلگیراو، یان ڕفێندراو هەموو ســـنوورەکانی تاوان و دڕندەیی بەزاندووە. تیرۆریســـتانی داعش، سەرەڕای هەڵخەڵەتاندنی ئافرەتانی موسڵمان و بەکارهێنانیان وەك کەرەستەی جووتبوونی پیاوانی چاوچنۆکیان لە ژێر ناوی «جیهادی نیکاح»، هەر شوێنێك داگیر بکەن، ئافرەتانی سەر بە ئایین و ئایینزاکانی دیکە لە هەر تەمەنێکدا بن، وەك «کۆیلە» و «ســـەبایە» و «دەستکەوتی شەڕ» مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن، دوای ئەوەی لەو پەڕی دڕندەییدا ناچاریان دەکەن لەگەڵ تیرۆریســـتان ســـێکس بکەن، دواتر نرخیان بۆ دیاری دەکەن و لە بازاڕەکانی خۆیاندا کڕین و فرۆشـــتنیان حەڵاڵ دەکەن. ســـەرباری ئەوەی کە کریستیان و ئێزیدییەکان و هەر کەمینەیەکی دیکە ناچار دەکەن ئایینی خۆیان بگۆڕن، هەموو تاوانێکی نامرۆڤانە بەرامبە ر بە ئافرەتەکانیشـــیان دەکەن. لە ئێستاشدا بەشێکی ئەو ئافرەتانە ڕزگارکراون و ڕۆژانەش پرۆسەی ڕزگارکردنیان بەردەوامە، بەڵام ئەوان لە بارودۆخێکی جەستەیی و دەروونـــی زۆر خراپدان. لە بەر ئەوەی زۆربەی ئەو قوربانییانە تەنانەت لە لایەن خێزانەکانیانەوە وەرناگیردرێنەوە و تەنانەت ڕووبەڕووی مەترســـی کوشـــتنیش دەبنەوە، بۆیە پەنا بۆ شەلتەرەکان دەبەن. بەڵام ئایا حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان و ڕێکخراوەکانی ژنان و مافی مرۆڤ بۆ ئاساییکردنەوەی باری دەروونی و کۆمەڵایەتیی ئەو قوربانییانە دەبێت چی بکەن؟ بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان وەڵامی ئەو پرسیارە قورسە دەدەنەوە.**

گوڵان: کۆمەڵایەتی





دوای ئـــەوەی ڕۆژی٢٠١٤/٨/٣ لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆریســـتی داعش هێرش کرایە ســـەر قەزای شنگال، ژمارەیەك لـــە ئافرەتانی ئێزیدی لەلایـــەن ئەو گرووپە تیرۆریستییەوە ڕفێندران، کە بە پتر لە دوو هەزار ئافرەت مەزندە دەکرێن. بەپێی دواییـــن ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشـــتی کاروباری ئێزیدییەکانیش لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، زیاتر لە ٨٠٠ ئافرەت لە ژێر دەســـتی داعش ڕزگاریان بووە.

پەرلەمانتار ڤیان عەباس ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و چـــالاك لە بـــواری کاروباری ئافرەتانـــی ئاوارەبووی شـــنگال، لە دەستپێکی قســـەکانیدا بۆ گۆڤاری گوڵان باسی ئەوە دەکات کە «لەبەر ئەوەی ڕۆژانە ئەو ئافرەتانە بە شـــێوازی جیا جیا ئازاد دەکرێن، ئامارێکی ورد لەبەر دەســـتدا نییە»، گوتیشـــی: «بە خۆشحاڵییەوە خەڵکی هەرێمی کوردستان بەگشتی و خەڵکی پارێزگای دهۆك بەتایبەتی لە ڕووی پێشکەشـــکردنی خزمەتگوزاری بە توێژی ئافرەتانی شـــنگالی ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕاوە، لەمـــاوەی ئەم دواییەدا لە شـــاری دهۆك ســـەنتەرێکی چارەسەری جەســـتەیی و دەروونی تایبەت بە ئافرەتانی ڕزگاربووی دەســـتی داعـــش دروســـتکراوە و چەندین پزیشـــکی پســـپۆڕ و ڕاوێژکاری دەروونی لـــە دەرەوەی کوردســـتان بۆ ئەو ســـەنتەرە هێنراون، جگە لە نوژدار و پســـپۆڕ و توێژەرانی دەروونـــی ناوخۆیی خۆبەخش، ئەو ســـەنتەرە ڕۆژانە پێشـــوازی لە ٢٠ ئافـــرەت دەکات، لە کاتێکدا ڕەوشی دەروونی ئەو قوربانییانە زۆر زۆر خراپە و تووشی فۆبیای جۆراو جۆر بووین، چونکە لە ڕەوشێکی نائـــارام و توندوتیژ ژیـــاون لەوانە، دەســـتدرێژیکردن، کڕین و فرۆشـــتن، گۆڕینی ئایین، ئـــەم ڕەفتارانەش نەك هەر تەنها پێشـــێلکردنی یاســـای نێودەوڵەتی و مافەکانی مرۆڤە، بەڵکو ژێرپێنان و شکاندنی شـــەریعەتێکی ئاســـمانییە و ئیسلامیش ئەوەی پێ قبووڵ ناکرێت.»

زەکیە حەقی کە لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٥-٢٠١٠ پەرلەمانتاری عێراق بووە، ئاماژەی بـــەوە دەکات کە تیرۆریســـتانی داعش کچانی ئێزیدییـــان لـــە گوندەکانـــی کوردســـتان ڕفانـــدووە، ئەم کچانە لە تەمەنی منداڵی و بەشێکیان تەنها ١٤ ساڵیان تەمەن بووە و هەموویان

هەتککراون و مەترسییەکی گەورە لەسەر چارەنووسیان دروست بووە. بەتایبەتی کاتێك دووگیان دەبن، یان لە ئاکامی جیهادی نیکاح تووشی ڤایرۆسی ئایدز دەبن، کە ئافرەتێك بە ڕێگەی هەتککردن دووگیان کرابێت، ئاخۆ چ ئازارێکی دەبێت و چ کاریگەرییەك لەسەر دەروونی دروست دەبێت؟ لەبەر ئەوەی ئەگەر بگەڕێنەوە ئەوا ڕووبەڕووی گەورەترین مەترسیی کوشتن لەسەر نامووس دەبنەوە، خۆ ئەگەر نەکوژرێن و لە حاڵەتێکدا ئەمانە ئەگەر تووشی ئایدز بووبن، مەترسییەکی گەورە دروست دەکات، بۆیە دەبێت بەوجۆرە سەیری ئەم پرسە بکەین و ئەوە بخەینە بەرچاومان و بزانین ئەگەر کچێکی تەمەن ١٤ ساڵ لەم حاڵەتەدا بێت، ئەوا بژاردەی زۆر کەمی لەبەر دەست دەبێت و لەوانەیە ناچار بێت بە تەواوەتی بڕیار بدات لەگەڵ داعش بمێنێتەوە، لەم کاتەشدا مەترسی ئەوە دروست دەبێت، تیرۆریستانی داعش بە بیانووی چوونە بەهەشت و بەڵێنی دیکە وەك تیرۆریست رایان بهێنن و بیانکەن بە تیرۆریستی خۆکوژ و دژی خۆمان بەکاریان بهێننەوە، بۆیە دەبێت بیر لەوە بکرێتەوە ئەم قوربانییانە بپارێزین. لەوانەیە هەندێك لەو ئافرەتانەی ڕووبەڕووی هەتککردن دەبنەوە، بیشارنەوە، یان ناوی خۆیان تۆمار نەکەن، بۆیە پێشنیار دەکەم شوێنێك بۆ قوربانییانی جیهادی نیکاح دابمەزرێت و نەتەوە یەکگرتووەکانیش بۆ پاراستنی ئەم قوربانییانە بڕیارێك دەربکات و فەرزی بکات هەموو دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەو بڕیارەوە پابەند بن، بۆ ئەوەی ئەم قوربانییانە رزگار بکرێن و دووبارە تێکەڵی کۆمەڵگە بکرێنەوە.»

ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی لە راپۆرتێکی بە ناونیشانی: «هەڵاتن لە دۆزەخ . ترس و تۆقاندن و بە کۆیلەکردنی سێکسی لە ناو دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراقدا» بڵاو کردۆتەوە، ئەم راپۆرتە تەرخانکراوە بۆ ئازاری کچان و ژنانی ئێزیدی، دوای ئەوەی لە لایەن تیرۆریستانی داعشەوە دەستگیرکراون، یان ڕفێندراون. میتۆدی راپۆرتەکە لە سەر بنەمایەکی زانستی دارێژراوە و قسەکردنی ٤٢ کچ و ژنی ئێزیدی لە خۆ دەگرێ کە توانیویانە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش هەڵبێن و پاشان لە ناو کەمپی ئاوارەکانی هەرێمی کوردستان ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی دیداری لەگەڵدا کردوون و قسەکانی تۆمار کردوون. لەسەر بنەمای ئەو قسانەی کە تۆماریان کردووە، رەفتاری وەحشیگەرانە و نامەردانەی داعش بەرامبەر کچان و ژنانی ئێزیدی هەموو سنوورەکانی زەوی و ئاسمانی بەزاندووە. ئەوەی بەرامبەر یەکێك لەو ژن و کچانە کراوە، بەرامبەر ئەوانی دیکەش هەمان رەفتار کراوە، بۆیە راپۆرتەکە لە هەر بەشێکدا لێدوانی چەند کچ و ژنی ئێزدی بڵاو کردۆتەوە.

ئاروای تەمەن ١٥ ساڵ کە لە سەرەتای مانگی ئاب لە هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر شنگال خۆی و دایکی و خوشکەکانی لەگەڵ ٦٢ کچ و ژن و منداڵی خزم و کەسوکاری و سەدان کچ و ژنی دیکەی ئێزیدی لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە دەستگیرکراون، بەمجۆرە بۆ ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی قسەی کردووە:

«یەکەمجار ئێمەیان برد بۆ سووریا بۆ شوێنێك لە نزیکی حەسەکە، لەوێ لە ناو خانوویەکدا لەگەڵ ژمارەیەك کچی دیکە بەندیان کردین، پاش ١٠ رۆژ، بۆ ماوەی دوو رۆژ گرووپێکیان لە ئێمە گواستەوە بۆ موسڵ لە عێراق، دوای ئەوە من و خوشکەکەم و لەگەڵ ژمارەیەك لە ئامۆزاکانم بردیانین بۆ بێجی، هەروەها چوار خوشکم و دوو لە ئامۆزاکانمیان برد بۆ سووریا، لە بێجی ئێمەیان لە دوو شوێنی جیاواز هێشتەوە و پاش سێ رۆژ من و ئامۆزا تەمەن ١٣ ساڵەکەمیان برد بۆ رامبوسی نزیکی شنگال، دایکم و خوشکیشمیان برد بۆ گوندێکی دیکە کە تا ئێستاش لەگەڵ خزمەکانمان هەر لەوێن. لە رامبوسی لە خانوویەکیان داناین لەگەڵ پێنج کچی دیکە، لەوێ کچەکان لێیان دەپرسیم: چییان لێکردووم؟ ئایا هەتك کراوم؟ ئامۆزاکەم دەیویست لەوێ بمێنێتەوە و هەر لەوێ شوو بکات، بەڵام دواتر وازی لەو بیرکردنەوەیە هێنا و لەگەڵ من بەرنامەمان دارشت رابکەین، یەکێك لە کچەکانی نێو ئەو خانووەی ئێمەی تێدا بوو، دەیگوت: من هەتك نەکراوم، بەڵام گومان هەبوو لەوەی راست بکات، چونکە هەموویان هەتك کرابوون، ئەو پیاوانەی ئێمەیان هەتکرد، هەموویان عەرەبی عێراقی بوون، ئەوان هەڕەشەی ئەوەیان لێدەکرێن ئەگەر ئێمە خۆمان بکوژین، ئەوان هەموو کەسوکارمان کە لەلایان کۆیلەن دەیکوژن».

لە راپۆرتەکەدا چیرۆکی رەندەی تەمەن ١٦ساڵیش بڵاو کراوەتەوە، رەندە و دایك و باوکی و خوشك و براکانی لە رۆژی ٣ی ئاب لە گوندێکی خوار شنگال کەوتبوونە دەستی تیرۆریستانی داعش و ئەو یەکێکە لەو سەدان کچە فرۆشراوانە و کراوە بە دیاری بۆ پیاوێك کە ناوی (سەلوان)ە و تەمەنی زۆر لەخۆی گەورەتر بووە. رەندە بەمجۆرە بەسەرهاتی خۆی دەگێڕێتەوە:

«منیان برد بۆ موسڵ، بە درێژایی ئەو ماوەیە دەستبەسەر بووم، سەرەتا منیان بردە شوێنێك کە پێیان دەگوت: (مقەڕ) واتە بارەگایەکی تیرۆریستانی داعش، ئێمە لەو شوێنە نزیکەی ١٥٠ کچ و پێنج ژن بووین، لەو مقەڕە پیاوێك کە ناوی سەلوان بوو، من و ئامۆزا تەمەن ١٣ ساڵەکەمی بردەماڵێکی شپڕێو، لەو ماڵە پەلاماری دام، من خۆم بەدەستەوە نەدا، زۆری لێدام و ملم بریندار بوو، نەمتوانی لە ژێر دەستی دەرباز بم، بەڵام نەیتوانی هیچ لە ئامۆزاکەم بکات و نەیوست بە زۆر ئەویش هەتك بکات، دوای ئەوە بەرنامەمان دانا و رامانکرد،

**بەپێی دوایین ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ئێزیدییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، زیاتر لە ٨٠٠ ئافرەت لە ژێر دەستی داعش رزگاریان بووە**

**لە شاری دهۆک سەنتەرێکی چارەسەری جەستەیی و دەروونی تایبەت بە ئافرەتانی رزگاربووی دەستی داعش دروستکراوە و چەندین پزیشکی پسپۆڕ و راوێژکاری دەروونی لە دەرەوەی کوردستان بۆ ئەو سەنتەرە هێنراون**

**پێشنیار دەکەم شوێنێك بۆ قوربانییانی جیهادی نیکاح دابمەزرێت و نەتەوە یەکگرتووەکانیش بۆ پاراستنی ئەم قوربانییانە بڕیارێك دەربکات و فەرزی بکات هەموو دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەو بڕیارەوە پابەند بن، بۆ ئەوەی ئەم قوربانییانە رزگار بکرێن و دووبارە تێکەڵی کۆمەڵگە بکرێنەوە**

**ئەو پیاوانەی ئێمەیان هەتکرد، هەموویان عەرەبی عێراقی بوون، ئەوان هەڕەشەی ئەوەیان لێدەکردین ئەگەر ئێمە خۆمان بکوژین، ئەوان هەموو کەسوکارمان کە لەلایان کۆیلەن، دەیکوژن**

**زۆر گرنگە لە رووی دەروونییەوە ئاوڕ لەو کچ و ژنانە بدەینەوە کە لای داعش و لە ژێر فەرمانی نارەوای ئەواندا بوون، چونکە ئەوان تووشی شۆک و ترسێکی زۆر هاتوون و دەبێت بە جۆرێک مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ کە بگەڕێندرێنەوە بۆ دۆخی ئاسایی خۆیان و هەست بە ئارامی و هێمنی ژیانیان بکەن**

**رفاندنی کچان و ئافرەتانی شنگال و سووکایەتی پێکردنیان لەلایەن تیرۆرستانی داعش بۆ ئێمەی ئێزیدی برینێکی سارێژ نەبووە، هەرچەندە ژمارەیەک لەو ئافرەتانە ئازاد کراون و گەڕاونەتەوە، بەڵام ئەوانەشی کە لە ژێر دەستی داعشدا ماون ژمارەیان کەم نییە**

دواتر سەردانی دکتۆرم کرد، دکتۆر گوتی دووگیان نەبوویت و هیچ نەخۆشییەکت نییە، بەڵام ناتوانم قەت ئەوەم لە بیر بچێتەوە کە تیرۆریستانی داعش بەسەریان هێنام، ئەوەی بەسەر من و خێزانەکەمیان هێناوە زۆر ئازاربەخشە، داعش هەموو ژیانی ئێمەی تێکدا، دایکم لەو کاتە منداڵی بوو کە کۆیلە بوو لەبەر دەستی داعش لە تەلەعفەر، ئێستا لە موسڵ کۆیلە کراوە لەگەڵ خوشکە بچووکەم و کۆرپە تازە لەدایکبووەکەی، براکەم کە تەمەنی ١٠ ساڵە لە دایکمیان جیاکردۆتەوە ئێستا لای پوورمە لە تەلەعفەر، من نازانم ئەوان چییان بەسەرهاتووە، نازانم جارێکی دیکە دەیانبینمەوە، یان نە؟»

چیرۆکی ئەو دوو پاکیزەیە (ئاروا و رەندە)، سەدان چیرۆکی هاوشێوەی دیکەن کە تیمی رێکخراوی نێودەوڵەتی لە ٢٠٠ ئافرەتی دیکەی بیستووە، ئەویش چیرۆکی وەحشیگەری و رەفتاری نامەردانەی تیرۆریستانی داعشە کە لەگەڵ کچ و ژنە کۆیلەکانی کورد کردوویانە. ئەو دوو سەد چیرۆکە هەر یەکەیان، چیرۆکی سەدان و هەزاران کچی کوردی ئێزیدییە کە ئێستا لە جوگرافیای دەوڵەتی ئیسلامی لە سووریا و عێراق پەرتکراون و هەر رۆژەی بە جۆرێك کەرامەتیان پێشێل و هەتك دەکرێت.

### جیلان خۆی کوشت پێش ئەوەی سەمای پێبکەن و هەتکی بکەن

باوکی جیلان لە مانگی ئەیلوول بە رێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی راگەیاندووە کە پێش دوو هەفتە هەواڵی ئەوەی بۆ هاتووە جیلانی کچی خۆی کوشتووە، ئەم هەواڵە لە مانگی نۆڤەمبەر ئەو کۆمەڵە کچە پشتڕاستیان کردۆتەوە کە توانیویانە پاشتر رابکەن، یەکێك لەو کچانە کە ناوی لونایە بەمجۆرە ئەم رووداوەی پشتڕاست کردۆتەوە:

«ئێمە ٢١ کچ بووین، دووان لە کچەکان تەمەنیان لە نێوان ١٠-١٢ ساڵاندا بوو، رۆژێکیان هاتن جلیان داینێ وەك جلی راقیسە وابوو، پێیانوتین: بچن خۆتان بشۆن و ئەو جلانە لەبەر بکەن، جیلان کچێکی جوان بوو، ئەو دەیزانی کە دوای خۆشووشتن و لەبەرکردنی ئەو جلانە هەتکی دەکەن، بۆیە کە چووە ناو حەمامەکە لەوێ وایەری دیواری حەمامەکەی لێکردبووە و بە وایەرەکە خۆی کوشت».

لەتیف حوسێن توێژەری کۆمەڵایەتییە و لە ئاخاوتنێکی تایبەتدا بۆ گوڵان باسی ئەوە دەکات کە: «بەشێکی زۆر لە چالاکان و رێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان، لە ئێستادا و هەر لەپاش پەلاماردان و داگیرکردنی ئەو ناوچانە بەتایبەت شەنگال و زێدی ئێزدییەکان کە بەشێکی زۆر لە ئافرەت و کچانەیان کەوتنە بەردەستی داعش و پاش رفاندنیان بە هەموو شێوەیەکی وەحشیگەرانەی خۆیان و وەك پیشەی تایبەتیان مامەڵەیەکی نامرۆڤانەیان لەگەڵ کردوون. بەشێکیان تا ئێستاش بێ سەر و شوێنن و بەشێکی دیکەیان هەڵاتن و هەندێکیشیان رزگارکران. بێگومان کەوتنە دەستی داعش خۆی لەخۆیدا هێدمەیەکە و ترسناکە و بمانەوێت و نەمانەوێت کاریگەری زۆر لەسەر دەروون و ناخی ئەو کەسانە دەکات کە دەکەونە دەستی داعش و کارە ترسناکە نامرۆڤەکانیان، پاش ئازادبوون، یان قوتاربوون لێیان و گەڕانەوە بۆ ناو خێزان و کۆمەڵگەش ئەو ئافرەت و ژنانەی کە کەوتبوونە دەستی داعش لە رووی کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە پێویستیان بە مامەڵەیەکی هەستیار و درێژخایەن دەبێت، چونکە هەموو دەزانین داعش وەها بارودۆخی ئەوانی شێواندووە کە لە رووی دەروونییەوە شێواو و نائارامن و هەمیشە ترسی ئەوەیان لەلایە کە دیسانەوە پەلاماردەدرێن و سووکایەتیان پێدەکرێتەوە. بۆیە زۆر گرنگە لە رووی دەروونییەوە ئاوڕ لەو کچ و ژنانە بدەینەوە کە لای داعش و لە ژێر فەرمانی نارەوای ئەواندا بوون، چونکە ئەوان تووشی شۆك و ترسێکی زۆر هاتوون و دەبێت بە جۆرێك مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ کە بگەڕێندرێنەوە بۆ دۆخی ئاسایی خۆیان و هەست بە ئارامی و هێمنی ژیانیان بکەن. لە رووی کۆمەڵایەتیشەوە دەبێت بە چاوێکی پڕ بایەخ و سۆزەوە سەیر بکرێن، وەك ئەوەی لە پێشوودا هەبوون، نەك ئەوەی کە ئەم کچ و ژنانە لای داعش بوون و تێڕوانینمان بۆیان جیاواز بێت لە تێڕوانینی پێش داگیرکاری داعش، ئەم مامەڵەیە وا دەکات تا راددەیەکی باش هەست بە ئارامی بکەن و بۆ دۆخی ئاسایی و جارانی خۆیان بگەڕێنەوە.»

سوعاد لالۆ ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، کە خاتوونێکی بەرەگەز ئێزیدییە، سەبارەت بە هەمان پرس بۆ گوڵان دەڵێت: «رفاندنی کچان و ئافرەتانی شنگال و سووکایەتی پێکردنیان لەلایەن تیرۆرستانی داعش بۆ ئێمەی ئێزیدی برینێکی سارێژ نەبووە، هەرچەندە ژمارەیەك لەو ئافرەتانە ئازاد کراون و گەڕاونەتەوە، بەڵام ئەوانەشی کە لە ژێر دەستی داعشدا ماون ژمارەیان کەم نییە، لە نزیکەوە سەردانی ئافرەتە رزگارکراوەکانم کردووە، سەرباری خراپی گوزەران لەناو کەمپەکان لە قەیرانێکی دەروونی گەورەدا ژیان بەسەردەبەن و لە رووی دەروونییەوە رووخاون. هەندێك لە ئافرەتانی گەڕاوە بەهۆی نەمانی کەسوکارەکانیان کە لەلایەن ئەو گرووپە تیرۆریستە کوژراون، یان دەستبەسەر کراون، جێگەیەك بۆ مانەوە شك نابەن و جێگەی نیشتەجێبوونیان نییە، بۆیە جارێکی دیکە نائومێدی بەرۆکیان دەگرێت. ئەگەرچی لە ئێستادا دەنگۆی



ئەوە هەیە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە مووچەیەکیان بۆ ببڕدرێتەوە، هەرچەندە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە هاوکاری زۆر کراون، بەڵام هاوکارییەکان بە گشتی بۆ ئاوارەکان بەپێی پێویست نییە و پێویستیان بە ئاوڕلێدانەوەی زیاترە، خۆشبەختانە یەکەمجارە لە کۆمەڵگەی ئێمەی ئێزیدیدا بەمجۆرە تەعامول لەگەڵ ئەو قوربانییانە دەکرێت و خێزانەکان وەکو کەس سەیریان ناکەن، بەڵکو وەکو قوربانی هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکەن و موراعاتی باری دەروونیان دەکەن و بە گەرمی پێشوازییان لێدەکەن، بەڵام ئەو دەروونە رووخاوە، وا بە ئاسانی چارەسەر نابێت و پلانی درێژماوەی پێویستە بۆ ئەوەی خۆیان لە باری ئاساییدا بدۆزنەوە».

د. ئۆمید قادر پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەکان، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «باری دەروونیی ئافرەتانی رزگاربووی دەستی داعش بارودۆخێکی خراپ و ناجێگیرە بەهۆی ئەو زنجیرە هێدمە دەروونییەی کە بۆیان هاتۆتەپێش، کە بریتین لە رفاندن و هەتککردن و دووری لە کەسوکار و هەڕەشەی کوشتن و ...تاد، لە ئەنجامدا ئەو کەسە هاوسەنگی رۆحی لە دەست دەدات، وەکو ئەوە وایە کە لە پڕ دە کیلۆ بخەیتە سەر لایەکی تەرازوو و لایەکەی تر بە ئاسماندا بچێ، ئەو دیمەنە تاڵەی کە بینیویەتی بۆ ماوەی زیاتر لە شەش مانگ وەکو فیلمێکی ڤیدیۆیی بە بەردەوامی دێتە بەرچاوی، ئەوەش وادەکات بێ تاقەت و نائومێد بێت و خۆزگە بە مەرگ بخوازێت، وێڕای هەستکردن بە تاوان، ترس لە دووبارە بوونەوەی کارەساتەکە هەمیشە لەگەڵیاندایە، ئەو قوربانییانە هەمیشە پرسیاری ئەوە لەخۆیان دەکەن کە بۆچی رووبەڕووی ئەو بارودۆخە ناخۆشە بوونەتەوە؟ بۆچی کەسێکی دیکە نەبوو؟ دوور نییە ئەو یادەوەرییە تاڵانە بە درێژایی تەمەنی لەگەڵیدا بمێنێتەوە، چونکە ناتوانێ بە شێوەیەکی ئاسان گوزارشت لەو کارەساتە بکات کە بە سەریدا هاتووە. بۆیە پێویستە هەرچی زووە لەپاڵ چارەسەری جەستەیی چارەسەری دەروونیشیان بۆ بکرێت، چونکە باری دەروونی ئەو قوربانیانە کاریگەری نەرێنی لەسەر خێزان دروست دەکات و وادەکات ئەو ئافرەتە نەتوانێ لەناو خێزانەکەیدا رۆڵی خۆی بگێڕێت، چارەسەریش بە هەردوو رێگەی مەعریفی و دەرمانی دەبێت و ناکرێ قوربانییانی ئەو کارەساتە فەرامۆش بکرێن، ئەو قوربانییانە خۆیان ئەو قەدەرەیان هەڵنەبژاردووە، ئەوە قەزیەی تاکە کەسێك نییە، بەڵکو قەزیەی میللەتێکە، میلەتێك نەهامەتی بەسەردا هاتووە لەلایەن لایەنێکەوە کە دژایەتی ئاسایش و ئارامی هەموو دونیا دەکات، کەیسی ئەو ئافرەتانە شەرمەزاری نییە و مایەی رێز گرتن و ستایش کردنن و بۆ دووبارە گەڕانەوەیان بۆ ناو کۆمەڵگە پێویستییان بە هاوکاری هەموومان هەیە».

**پێویستە هەرچی زووە لەپاڵ چارەسەری جەستەیی چارەسەری دەروونیشیان بۆ بکرێت، چونکە باری دەروونی ئەو قوربانیانە کاریگەری نەرێنی لەسەر خێزان دروست دەکات و وادەکات ئەو ئافرەتە نەتوانێ لەناو خێزانەکەیدا رۆڵی خۆی بگێڕێت**

**ئەو قوربانییانە خۆیان ئەو قەدەرەیان هەڵنەبژاردووە، ئەوە قەزیەی تاکە کەسێک نییە، بەڵکو قەزیەی میللەتێکە، میللەتێک نەهامەتی بەسەردا هاتووە لەلایەن لایەنێکەوە کە دژایەتی ئاسایش و ئارامی هەموو دنیا دەکات**